ستراتیژو هونەر

# دەبێ هەر خۆت پرۆژەی ژیانی خۆت داڕێژیت

(5)



د. فازڵ جاف

### چەند پۆزەتیڤانە بیر بکەیتەوە ئەوەندە زووتر دەگەیتە مەبەست

چەند پۆزەتیڤانە بیربکەیتەوە، ئەوەند زووتر دەگەیتە مەبەستەکانت.. ئەوەندە کاتت کەمتر بە فیڕۆ دەچێت وتەمەنی گەنجی و تەندروستی وبەختەوەریت درێژتر دەبێت.

کە پۆزەتیڤانە بیر دەکەیتەوە بە ئاسانی مەبەست و ئەمانجەکانی گەنجیت دەستنیشان دەکەیت، رۆژ لە دوای رۆژیش لەسەرچاوەی ووزە و شەوقی ژیان نزیک دەبیتەوە.

ئەگەر بتەوێت خەڵک بەرز هەڵتبسەنگێنن و نرخ و بەهات بزانن وخۆشیان بوێیت، دەبێ جارێ پێش هەموو شتێک خۆت خۆش بوێت، نەک بە مانای خۆپەرستی، چونکە خۆپەرستی لە ئاکامی دیدی رەشبینانە ونێگەتیڤانەوە دێتە کایەوە، بەڵام بەو مانایای کە نابێت بۆچوون وێنەی خراپ دەربارەی خۆت دروست بکەیت، دەبێت خۆتت پێ باش بێت وەکو ئەوەی کە هەیت. هەوڵ بدە ئەو سیفەت وتایبەتمەندییە پۆزەتیڤ و گەشانەی خۆت بدۆزیتەوە، بە هەمان شێوەش ئەو لایانەیەی کە نێگەتێڤن یان زۆر بەدڵت نین قبووڵیان بکە و باوەڕت بەوە هەبێت کە دەکرێت بێنە گۆڕان.

### پۆزەتیڤێتی سەرچاوەی بوێری جوڕئەتە

بۆ مرۆڤی پۆزەتیڤ ژیان هەمیشە ئێستایە، هیچ شتێک کاتی بەسەر نەچووە وهیچ دەستپێکێک درەنگ نییە تاکو چرای ژیان خامۆش دەبێت، هەر لەم دیدەوە بوێری و جوڕئەت وئازایەتیی دەردەکەوێت، چونکە باوەرێ بە گۆڕان هەیە. گۆڕان یاسا ودەستووری گەردوونە. ئەوکەسەی جوڕئەتی قبووڵکردنی یاساکانی گۆڕانی هەبێت، هەمیشە براوەیە وهیچ نادۆڕێنێت.

کیرکیگۆردی فەیلەسووفی دانیمارکی دەڵێت: ئەگەر بوێر بیت، مانای ئەوەیە بۆکاتێک جێی پێت دەدۆڕێنیت، بەلام ئەگەر نەوێر بیت تەواوی خۆت دەدۆڕێنیت.

مرۆڤی پۆزەتیڤ هەمیشە خۆی پێ جوان وقۆزە، هەرچەندە جوانی فیزیکی مەبەست نییە، لێرەدا مەبەست جوانی ناوەوەیە، جوانی کەسایەتی وجوانی روحە، جوانییەکە لە هارمونیا وهاوسەنگی چوار رەهەندەکەوە هەڵدەقوولێت.

جوانی ناوەوەی مرۆڤ لە جوانی فیزیکی گرنگتر وکایگەرترە، خۆ ئەگەر هەرجوانییەکی فیزیکی جوانی ناوەوەی لەگەڵدا نەبێت، هەر بۆ چەند ساتێکی کورت سەرنجمان رادەکێشێت، پاشان لێی بێزار دەبین.

جوانی ناوەوە لە جەستەدا نییە، جوانییەکە لە چاوەکانتەوە، لەدەموچاوتەوە، لە جۆری بیرکردنەوە و بۆچوونەکانتەوە، لە شادییەوە، لە شەخسیەتی پۆزەتیڤانەتەوە سەر هەڵدەدا و وەکو تەوژمی کارەبا دەگاتە دەروون وروحی خەڵکی دەروبەرت.

### مرۆڤی پۆزەتیڤ هونەرمەندە

فەلسەفەی مرۆڤی پۆزەتیڤ پتر لە فەلسەفەی کەسێکی هونەرمەند دەچێت، ئەگەر راستیشت دەوێ، هەموو کەسێکی پۆزەتیف رووناکبیر بۆ خۆی هونەرمەندە و "هونەری چۆن بەختەوارنە بژیم"ناوەرۆکی ئەو هونەرەیە کە ئەو تێیدا وەستا وکارامەیە.

بیرکردنەوەی پۆزەتیڤانە سەرچاوەی بوێرییە، لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: مرۆڤی پۆزەتیڤ هەردەم لە ئێستادا دەژیت، نە رابووردو ئازارەکانی رابووردو دەگرێت بە کۆڵەوە، نە خەمی ئایندە دەیترسێنێت.

تەنانەت پێوەندی بە رابووردووەوە دەکات بە ئەزموونێکی سوودبەخش ، بەوەی کە ئەزموون ویادگاری سەرکەوتنەکانی لە هەر بوارێکدا بێت، دەکات بە سەرچاوەی ئیلهام و گەشەکردن.

وێنەی پۆزەتیڤانەی خۆی، باوەڕ و متمانەت بەخۆی وبەوەی کە مرۆڤێکی شایستەیە.

پۆزەتیڤ کەسێکە وەکو ئۆشۆی فەیلەسووفی رۆحیی هیندستان دەڵێت" هەردەم بە پێری ژیانەوە دەچێت وباوەشی بۆ دەکاتەوە. نێگەتیڤیش پشت لە ژیان دەکات و بە خەتاباری دەزانێت، پۆزەتیڤ ژیان دەکات بە هێلانەی خۆشگوزەرانی، هەرچی مرۆڤی نێگەتیڤە ژیان دەکات بە زیندان"

پۆزەتیڤ لە هاریکاری وکاری کۆلێکتیڤدا باوەڕی بە توانای خۆی هەیە، خاوەن جوڕئەت وشەفافییەتە، لە بەشداریکردن لە پرۆژە و هەروەها لە موجازەفەکردن لە کاری هاوبەشی گەورە سڵ ناکاتەوە".

### فەنتازیا وخەیاڵ

خەیاڵ شۆڕشگێرانەترین هێزی داهێنان و گۆڕانە. هەموو کەشف داهێنانەکانی بواری هونەر وئەدەب وزانست تەکنۆلۆجیا دەگەڕێتەوە بۆ هێزی لە بن نەهاتووی خەیاڵ. هەر خەیاڵیشە وەکو پردێک لە نێوان روح وزەیندا دەبێت بە پرد و کاریگەری خۆی دەسەلمێنی ئەوانەی هەوڵی داهێنانی فڕۆکە و فڕینایان دەدا، بەوە وەڵام درانەوە کە گوایە بۆ ئەوەی فڕۆکەیەک لە هەوادا بفڕێت، دەبێ کێشی لە کێشی هەوا کەمتر بێت، ئەمجا فەرموو بزانە خەیاڵی داهێنەرانەی مرۆڤ چی داهێنا.

# خاتوو سمدوڤای نیگارکێش



٥٢

د. محەمەد عارف

٥٣

ئیستاتیکاو هونەر

نیگارکێشی ئەزربایجانی (خاتوو ڤاریا سمد، یان سمدۆڤا) ژیانێکی کورت ژیاوەو لە تەمەنی چلویەک ساڵیدا، کۆچی دوایی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی ژیانێکی هونەریی پڕ لە جموجۆڵی بردووەتە سەر، زنجیرەیەکی نایابی تابلۆ و گرافیکی دروستکردووە، کە ئێستا حکومەتی ئازربایجان، بەرێزەوە لە مووزەخانەی (باکۆ)ی پایتەخت، پارێزگاری کردووە، وەکو ئەرکێکی نەتەوایەتی بۆ پارێزگاری بەرهەمی هونەریی، مێژوونووسی ئازربایجانی (راسم ئەفەندی)، پەرتووکێکی دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی خانمی هونەرمەند نووسیوەو لە ساڵی ١٩٦٩، لە لایەن ئەکادیمیەی هونەرە جوانەکانی مۆسکۆ چاپکراوە، خاتوو سمدۆڤا ستایلی بە ریالیزمی تەعبیری، پڕ لە ژیان و دینامیکیەت و وەشاندنی فڵچەی ئازایانە، ناسراوە، ئەم مۆرک و دیاردەیەش بەداخەوە کەم دەبیندرێ لە هونەری ئافرەتاندا، چونکە مۆرکی ناسکی و عاتیفی، وەکو خۆیان زیاتر لە تابلۆکانیاندا زاڵە، زۆربەی پۆرترێتەکانی خانمی هونەرمەند، لە نێوان سکێچی خێراو بەگوێرەی پێویست وردەکاری رەسم کراون.



خاتوو (ڤاریا سمد). پۆرترێتی ئەندازیاری جیۆلۆجی مینیر محەمەد. ١٩٦٠. مووزەخانەی (مصطفى). باکو.

# هونەر لەسەر ئاستی ناوخۆ و بە جیهانیبووندا

## ٢ـ٢

و.نایف شێخانی

بۆ ئەوەی بیرۆکەکە روونترو وردتر بگاتە خوێنەر، تاکو بزانن تا چ ئاستێک پەنابراوەتەبەر بۆ ئەو بەجیهانیکردنە بێ مانایە ،کەسێکی پسپۆر لە بەشداریکەرانی ئەو فیستیڤاڵە گەشتیارییانەدا لەولاتی لوبنان پێشبڕکێیەکی بۆ گۆرانی ئامادەکردبوو ،یەکێک لەمەرجەکانی ئەوە بوو هەروەک لەمیدیاکان بڵاو کرایەوە نابێت هیچ گۆرانییەک ئامێری رۆژهەڵاتیان تێدا بەکار هاتبێت، تەنیا بە ئامێرە رۆژئاواییەکان بژەندرێت بۆچی؟
بەڵێ بۆ ئەوەی گوێگری رۆژئاوا وەریبگیرێت و لێی تێبگات ،درێژەدان بەو رێو شوێنە ،هیچ دوور نییە بگات بەو قۆناغەی کە پێشبڕکێیەک بۆ گۆرانیی عەرەبی رابگەیەنرێت،کە پێویستە ئامێرە رۆژهەلاتییەکان و زمانی عەرەبیشیان نابێ لەگەڵدا بێت.. کە ئەوەیان ئاسانترە و باشترە بۆ بڵاو بوونەوەی لەسەر ئاستی جیهاندا ئایە وانییە؟
ئەو پرسیارکردنە ناچێتە خانەی گاڵتەپێکردنی توندڕۆیانە، ئەوەی بڕوانێتە بارودۆخی
ئێستای گۆرانیی عەرەبی ، بۆی دەردەکەوێت کە چۆن ئەو مەرجانەی کە رێکخەری پێشبڕکێیەکە رایگەیاند لە لایەن زۆربەی ئاوازدانەران و گۆرانیبێژانی عەرەبییەوە جێبەجێ دەکرێت. ئاواز دانەرەکان مۆزیکی ئەو مەقامانەیان لە مێشکی خۆیان داماڵیوە کە چارەگە دەنگ لە خۆ دەگرێت ، گۆرنیبێژەکانیش هەر وایان کردووە بۆ ئەوەی مەرجەکانی بڵاوبوونەوەی خێرای گۆرانییەکە و جێبەجێ بکەن و ،لەلایەن گروپە موزیکییە تازەکان بژەندرێت کە پشت بە ئامێرەکانی گیتارو ئۆرگ دەبەستێت ، لەلایەکی دیکەش گوێچکەی گەنجان بۆ کارەکە رابکێشن ، کە زۆر بەکەمی ئەو گوێچکانە گوێ بیستی سەباو سێگا و رەست و بەیاتێک دەبێت، لە بەر هیچ نا تەنیا لەبەر ئەوەی چۆن ترافۆلتا دانابەزێت و گۆرانی لەسەر ئەو مقامانە نالێت لە بەر ئەوەی بە گیتار ناژەندرێت، ئەگەر لەناکاو یەکێک لەو ئاواز دانەرو گۆرانیبێژانە بەبیری هاتەوە کە عەرەبە و لە موزیکی عەرەبیش چارەگە دەنگ هەیە ، ئەو پێداچوونەوە خێرایەی وەک پێداچوونەوەی ئەو ئەمریکییە وایە کە هەوڵدەدات ئەو مقامانە بڵێت، مەقامە عەرەبییە رەسەنەکان لە گەرووی ئەو گۆرانیبێژانەدا رەش بۆتەوە و لەسەر ژێی ومۆزیکژەنەکانیش شێواوە، وەک بڵێی زانستێکی دروستکراوی بۆن ناخۆش و تێکەڵ و پێکەڵ بێت.
مێژووی هونەری فێری کردین کە هیچ کارێکی هونەری نابێتە جیهانی- واتە ناچێتە خانەی کەلەپوورو شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەگشتی - لە رێگای داماڵینی پێستەکانی خۆی لەبەرکردنی پێستی ئەوانی دیکەوە ، یا خود لە رێگای خۆگونجاندن بەکەرەستەو پێداویستییەکانی بڵاو بوونەوەی بازرگانی ، یان لە رێگای لاساییکردنەوەی ئەو هونەرانەی کە باون یان ئەو رێگا کورتانەی ناوبانگ دەرکردن . هەموو ئەو کارە هونەرییانەی کە چوونەتە ناو کەلەپووری شارستانیەتی جیهانی لە بنچینەدا گوزارشتێکی رەسەنی سەردەم و ژینگەکانی خۆیان بوونەو، هەرگیز لەلایەن میللەتانەوە هەزم نەکراوەو بڵاونەبووەتەوە ئەگەر وانەبووبێت، ئەوانەش بەهەڵەدا چووینە ئەگەر پێیان وایە لایەنگری و ئینتیمایان بۆ کەلەپووری شارستانی و مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهانی جێگرەوەی بڵاوبونەوەیەتی بە بەرفراوانی ،لەبەر ئەوەی زۆر جار دژ دەکەوێتەوە لەگەڵ ئەو بڵاوبوونەوە ئاسان و خێراییەدا . بۆ نموونە موزیکی باخ بۆماوەیەکی زۆر بزرو شاراوەبوو نەک تەنیا لەسەر ئاستی جیهانی بگرە لەسەر ئاستی ناوەخۆی ئەڵمانیا خۆی، تاکو دووسەد ساڵ دوای کۆچکردنی ، تاکو هونەرمەند مەندلسون هات دەمامکی لەسەر بەرهەمەکان هەڵماڵی. زۆربەی ئەو موزیکژەن و شێوەکارانەی کە کارە هونەرییەکانیان پێگەیەکی دیارو بەرزیان لە کەلەپووری مرۆڤایەتی و جیهانیدا هەبووە ، لە ژیاندا یان ململانێ و شەڕیان لەگەڵ کراوە ، یان شاراوەو نادیار بوونە ، زۆربەشیان بەکۆلە مەرگی ژیاون بەرهەمەکانیان نانی رۆژانەی بۆ دەستەبەر نەکردو گەر بێت و لە نێوان ئەو هەموو راستییانەدا بە دوای رێسایەکی زێڕیندا بۆمان دەردەکەوێت کە خۆی لە چوارچێوەی ئەو دروشمە دەدۆزێتەوە کە دەڵێت: هیچ هونەرێکی جیهانی و گەورەو پیرۆز نییە ئەگەر بێت و بەر لەوە هونەرێکی گەورە نەبووبێت لە سەر ئاستی ناوەخۆدا ، هونەری بەرزو گەورەی ناوەخۆش ئەو هونەرە نەبووە کە زۆر زۆر بڵاوبووبێتەوە لەکاتی خۆیدا پێشوازیی لێ کرابێت ، بەڵام ئەو بابەتە پەیوەستە بە نوێبوونەوەی هونەرو مەرجەکانییەوە .

**سەرچاوە : دفاعا عن الاغنیه العربیه . الیاس سحاب**

## رۆژگارێک



خوالێخۆشبووان/ ئایشەشان/ حەیدەر عەبدولڕەحمان "حەیدەر کەچەڵ" ، رەسول گەردی، لەکاتی سەردانی ئایشەشان بۆ هەولێر.

**١٩٧٨/١١/١**

**هەولێر/ یانەی فەرمانبەران**

**ئەم وێنەیە بۆ یەکەمین جار بڵاودەکرێتەوە**
**ئەرشیفی: جیهانبەخش کۆیی**

# ئۆپێرای مەم و زین



حەمەسوار عەزیز

لەچوارچێوەی فیستیڤاڵی رۆژی ئازادی هەولێر، ماڵی شانۆی ئەڵمانی بۆ ماوەی دوو رۆژ لە رۆژانی ١١-٣/١٢ لەسەر شانۆی هۆڵی میدیا ئۆپێرای (مەم وزین)ی نمایشکرد، ئەم ئۆپێرایە یەکەم ئەزموونی دەرهێنانی شانۆکاری کورد ئیحسان عوسمان بوو، لەو ئۆپێرایەدا جگە لە ئەڵمانەکان کە وەک سەماکەرو پیانێست و گۆرانیبێژ کارەکتەری سەرەکی ئۆپێراکە بوون، هونەرمەند هیوا سوعاد وەک رەگەزێکی کوردی نێو نمایشەکە رۆڵی حیکایەتخوانی دەگێڕاو چیرۆکەکەی بەزمانی کوردی بۆ بینەران دەگێڕایەوە، من لێرەدایە نامەوێ وەک رەخنەگرێک سەیری ئەو نمایشە بکەم، چونکە لەرەنگە لەواقیعدا نمایشکردنی ئەم ئۆپێرایە بەشێوەیەکی زیندوو بۆ من و زۆرینەی بینەرانیش کارێکی تازەبێت، بۆیە رەنگە تێگەیشتن وئیستیعابکردن وچێژ وەرگرتن لای ئێمە لە ئاستێکی زۆر سەرەتایی بێت، چجای ئەوەی بێین و رەخنەی لێبگرین، بەڵام رەنگە نمایشەکە شایستەی ئەوەبێت قسەی لەسەر بکرێت، نەوەکو وەک فۆرمێکی هونەری بەڵکو وەک ناوەرۆک و لۆکەیشنی نمایشەکە، لەبەر ئەوەی ئێمە کەچوار ئۆپێرای زیندوومان نەدیبێت، زۆر ئەستەمە بتوانین قسە لەسەر نمایشێک بکەین، کەنەوەکو بۆ ئێمەی بینەر، تەنانەت بۆ کاک ئیحسانی دەرهێنەریش ئەزموونێکی تازەیەو شایستەی ئەوەیە رێز لەو جورئەت و ئازایەتییە بگرین کە کوڕە کوردێک بێئەوەی پاشخانێکی مەعریفی لەو هونەرە هەبێت ویا بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئەو هونەرە قورسەی خوێندبێت، دێت لەگەڵ گروپێکی ئەڵمانی پرۆفیشناڵدا خۆی لەقەرەی کارێکی وادەدات، بێئەوەی دێوەزمەی فەشەل و سەرنەکەوتن چۆکی پێدابدات، بەدیتنی کارکردن لەو ئۆپێرایە و لەگەڵ ئەو گروپە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی گەورەیەو شایستەی پێزانینە، بەڵام تاچەند ئیحسان عوسمان وەک دەرهێنەرێک توانیویەتی کارێک بکات و پێش هەموو خەڵکێک خۆی رازیبکات، ئەمەیان دیدگایەکە دەکرێت کەسانێک قسەی لەسەربکەن کە ئەزموونێکی زیاتریان لەم بوارە هەیە.

بەهەرحاڵ ئۆپێرای مەم وزین یا وەک لەئەڵمانیەکە بە (مەگدەلۆنای جوان) ناو دەبرێت، نوسەرێکی ئەڵمانی(لۆدڤیک تیک) نوسیویەتی و لەم نوسینەی سودی لە مەم وزینی ئەحمەدی خانی وەرگرتووە وبەڵام ئەو داستانەکەی بەشێوەیەک دارشتووە، کەئاوێتەیەک بێت لە کلتوورێکی رۆژهەڵاتی و ئەورووپی، بۆیە دەبینین زۆر گرنگی بە رووداوە باوەکانی نێو مەم وزین نەداوەو هەوڵیداوە لە خەیاڵی خۆی کۆمەلێک سەربردەو چیرۆک ئاوێتەی داستانەکە بکات، کەتا رادەیەک لەو عەقلیەتە خێلەکیەی رۆژهەڵاتی دایبماڵێت و ئاوێتەی کلتوورێکی تازەی بکات کە زیاتر لە کلتووری قەرەجەکان دەچێت، بۆیە ئەگەر بلێین مەگدەلۆنەی جوان تەنها روحی داستانی مەم وزینی هەڵگرتووە، ئەویش خۆشەویستی وئەمەکدارییە بۆ خۆشەویستی، دەنا لێرەدا رێرەوەی رووداوەکان تەواو جیاوازن و بەئاقارێکی تردا تێدەپەڕێت، بۆیە من پێموایە نەدەبووایە ئەو ئۆپێرایە لەژێر ناوی (مەم وزین) نمایشبکرێت ودەبوایە هەر بەناوەکەی خۆی کەلە ئەڵمانیەکە هاتووە، واتە (مەگدەلۆنای جوان) بەوناوە نمایشبکرابایەو ئاماژەش بەوەدرابایە کەئەم داستانە بەسوود وەرگرتن لە مەم وزینی خانی نوسراوەتەوە، بەهەرحاڵ من پێموایە نمایشکردنەوەی ئەم ئۆپێرایە بەناوی مەم وزین تەنها قێلێکی نیەتپاکی دەرهێنەرە لە بینەری کرد بۆ ئەوەی زۆرترین بینەر بۆ ئەو نمایشە کۆبکاتەوە، چونکە من دڵنیام ئەگەر ئەو نمایشە بەو ناوە نەبووایە هەرگیز نەیدەتوانی بۆ دوو رۆژ ئەو هەموو بینەرە کۆبکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری نمایشەکە بکەین بەدەر لەو دیوەخانەی کە دەرهێنەر لەلای راستی شانۆ دروستیکردبوو، تیایدا هیوا سوعاد بەجلێکی کوردی و لۆکەیشنێکی کوردی لەپشتیەوە داستانەکە بۆ دوو کوڕو دوو کچی کورد دەگێڕێتەوە، بەدەرلەوە نمایشەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ مەم وزین، یا هەر ئەفسانەیەکی رۆژهەڵاتی تیادا نەبوو، ئەگەر بەووردی لەنمایشەکە بڕوانی هەر لەڕووی موزیک وگۆرانی



وسەماو فەزای نمایشەکە هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ مەم وزین و داستانەکەی ئەحمەدی خانی، کاتی خۆشی (برامز) کە موزیکی ئەو ئۆپێرایەی داناوە هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە گوێ لە موزیکی رۆژهەڵاتی بەگشتی و موزیکی کوردی بەتایبەت بگرێت، بۆ ئەوەی لە دارشتنی مۆسیقاکە سوودی لێوەربگرێت، بەڵکو ئەو تەنها بیری لەرۆحی داستانەکە کردۆتەوە کە ئەویش خۆشەویستییەو خۆشەویستیش هیچ زمان و نەتەوەیەکی نییەو هەموو تاک و گروپێک پێی ئاشنان بۆیە ئەو لە دارشتنی مۆسیقاکە ئەو داستانەی بەتەواوی لەو روحە رۆژهەڵاتییەی داماڵیوە، بەدیدگایەکی ئەوروپی و بەسوود وەرگرتن لە کلتووری ئەو دەڤەرە کاری لەو ئۆپێرایە کردووە، هەمان تێرِوانینیش بۆ گۆرانی و سەماکان راستە، چونکە کارێکی بەڵگە نەویستە لەم نمایشانە گۆرانی و سەما دەبن بە پاشکۆی موزیک وناتوانن لێی جیاوازبن، بۆ دڵنیا بوونیش دەکرێت ئێمە لەوانە بپرسین کەلە گۆرانیەکان حاڵی دەبوون، ئاخۆ تاچەندو چۆن وشەکانی ئەو گۆرانیانە پەیوەندییان بە داستانی مەم وزین هەبوو، بۆیە ئێمە وەک بینەر کە هاتینە هۆڵەکە پێمانوابوو، بەحوکمی ناونیشانی نمایشەکە فەزایەکی کوردی دەبینین، یا هەرهیچ نەبێت لۆکەیشنێکی ئاوێتەی نێوان هەردوو کلتووری کوردی و ئەوروپی دەبینین، بەتایبەتیش کەزانیمان دەرهێنەری نمایشەکە کوردە، ئەمە ئەو قەناعەتەی زیاتر لاگەورە کردین، بەڵام کەلە نمایشەکە دەرچووین گەیشتینە ئەو بروایەی کە دەرهێنەر لەبەر کەم ئەزموونی لەم بوارەدا و تەسلیمبوون بەو مۆسیقا دانراوەی کەچەندین ساڵە بۆ ئەو کارە دروستکراوە، نەیتوانی لەوە زیاتر کارێک بکات کەبێت کەسێک بەجلی کوردی و بە لۆکەیشنی ماڵێکی کوردی دروستبکات و حیکایەتێک بەناوی مەم وزین بگێرِێتەوە، کەجگە لەناوی حیکایەتەکەو ناوی هەندێ پاڵەوانی نێو حیکایەتەکە نەبێت، شتێکی تری لە مەم وزین نەچێت، بێگومان هونەرمەند ئازادە بەو دیدیگایەی خۆی دەیبینێت شتەکان هەڵوەشێنێتەوەو دووبارە دایانرِێژێتەوە، لەبەرانبەر ئەوەشدا ئێمەی بینەریش ئازادین کەچێژ لەو کارە وەرگرین، یا بەپێچەوانەوە بیخەینە ژێر گلەیی و گازاندە، لەوانەیە زۆرینەی گلەییەکانیشمان بچێتە

ئەو دەرگایەی کەبەرِاستی هونەری ئۆپێرا لای ئێمە هەر زۆر تازەیە بۆیە زۆر قورسە بۆ یەکەمجار ئێمە چێژ لەو هونەرە وەربگرین، بەتایبەتیش ئەگەر ئۆپێراکە بەزمانێکی ترو بەفەزایەکی تری جیاواز لە خۆمان نمایشبکرێت، ئەوە قەبوڵکردنی کارەکە زەحمەتتر دەبێت، بۆماوەی ئۆپێراکەش کە زیاتر لە کاتژمێرونیوێک بوو، زیاتر بینەری وەرِسکردبوو، ئەگەرچی دەرهێنەر پێیوابوو کە ئۆپێرا لەهەموو دونیا لە دوو کاتژمێر زۆر زیاترە، رەنگە سێ کاتژمێر یا زیاتر بخایەنێت، بەڵام من پێموایە ئەو هۆڵانەی ئێمە هی ئەوەنین کە مرۆڤ بتوانێت زیاتر لە دوو کاتژمێر تیایدا دابنیشێت، بێئەوەی هیچ ماوەیەکی رێست هەبێت و بینەر بتوانێت بچێتەدەرەوەو کافتریای تیابێت تا قاوەیەکی تیادا بخۆێتەوە.

بۆیە من پێموایە دەکرا چۆن ئەو ئۆپێرایە بەو دیدگا ئەوروپییە نمایشکراو نەتوانرا بەهیچ شێوەیەک سیمبوڵ و فەزایەکی کوردی تێبکەوێت، زۆر چاکتربوو هەر بە ناونیشانی خۆی واتە(مەگدەلۆنەی جوان) نمایشکرابایە و خۆمان لە ناوی مەم وزین دووربگرتبایەو ئەو حیکایەتخوان و ئەو لۆکەیشنە کوردییەی کە پێی دەرکەوت هیچ ئیزافەیەکی بۆ سەرنمایشەکە نەبوو، ئەگەر لەدیدگای دەرهێنەریش پێویست بوو، نەدەبوو بینەر بخەڵەتێنن و بەو لۆکەیشنە وێنای بکەن، لەکاتێکدا ئەو بوونە کاریگەری لەسەر خودی ئۆپێرایەکە نەبوو، بۆیە چاکتربوو حیکایەتخوانیش لەو لۆکەیشنە دابماڵدرێت و فەزایەکی پێبدرێت لەگەڵ فەزای ئۆپێراکە یەکبگرێتەوەو نەشاز نەکات.

لە کۆتاییدا هەموو ئەو وردە سەرنجانەی وەکو گوتم کەناچنە دەرگای رەخنەوە لە بایەخی ئەو ئەزموونە کەمناکەنەوە کەرێکخەرانی ئەو کارە پێی هەڵسان هەر لە ماڵی شانۆی ئەلمانی وئیحسان عوسمانی دەرهێنەرو هیوا سوعادی سەرۆکی لێژنەی سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵی هەولێرو ناوەندی هەولێری رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان وپارێزگای هەولێر کە

ئەرکی ماددی هەلسورِانی فیستیڤاڵەکەیان لە ئەستۆ بوو، نمایشکردنی ئۆپێرایەک لەهەولێرو هونەرمەندێکی کورد کاری دەرهێنانی تیادا بکات، ئەمانە هەموو دەروازەی تازەن وپێویستە هونەرمەندی کورد بەسەریاندا بکرێتەوەو هەموو مرۆڤەکانیش بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوورەکان دەبێ لە هەنگاوی یەکەم دەسپێبکەن با ئەو هەنگاوە کورد گوتەنی ساتمەکردنێکیشی تیا بێت، گرنگ ئەوەیە ئەوەیان جورئەتیان کرد لەدەرگایانداو ئەو شانازییەیان تۆمارکرد کە بۆیەکەمجار ئۆپێرایەکی لەو شێوەیە لێرە نمایشبکەن، ئەوانەی کاریشدەکەن هەر ئەوانەن کە باسیان دەکرێت ولەوەش ناترسن کەخەڵک باس لە کەموکورِییەکانیان بکات چونکە بەو کارە زیاتر پێشدەکەون.





# پاشەگەردانییەکانی شانۆی کوردی لەکوێدان؟

(3)

**تیپە شانۆییەکان**

پەروەردەی شانۆیی هەر تەنها لە پەیمانگاو ئەکادیمییە شانۆییەکاندا مەیسەر نابێت، بەر لەوان تیپە شانۆییەکان رۆڵێک ریشەییان هەیە لە دروستبوون و گەشەسەندنی شانۆ، بۆیە بوون و نەبوونی تیپی شانۆیی لەهەر پارچەیەکی جوگرافیدا کاریگەرییەکی زۆر بەسەر ئاستی شانۆییدا هەیە، ئەو تیپانە ئەگەر تیپی ئەکتیڤ بن دەبن بە کارگەیەک بۆ دروستبوون و پەروەردەبوون و بەرهەمهێنانی تواناو ئاستی جەستەیی شانۆیی، لەوێدا شانۆکارەکان بە ویست و ئارەزووی خۆیان شانۆ هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بیکەن بە پیشە، لەو تیپانەدا بلیمەتەکانی وەک مایرهۆلد و ستانسلافسکی و بیتەر برۆک و هەموو ئەوانی دیکە رێبازو قوتابخانەی شانۆییان دامەزراندووە، گەورەترین ئەکتەرە جیهانییەکان پێگەییون، دیارترین نووسەرە شانۆییەکانییان تێدا گردبۆتەوە.

**تیپە شانۆییە کوردییەکان**

شانۆی کوردی لە رەحمی تیپەکانەوە لە دایکبووە، نزیکەی سەدەیەک بەر لە ئێستا بە شێوەیەکی سادە، بەڵام بە گڕوتینێکی ئاشقانە، چەندین تیپی شانۆیی لەملاو لەولای شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا سەریان هەڵدا، بەتایبەت لە بۆنە نەتەوەیی و ئایینی و نیشتمانییەکانەوە، بەشێوەی لاسایی کردنەوە، لە مەکتەب و چاپخانەو گۆڕەپانەکانەوە، نمایشەکانی خۆیان پێشکەشکردووەو بە شێوەیەکی میللییانە گوزارشتییان لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی دواتر و کۆمەڵایەتی خۆیانەوە کردووە، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن ئەو گردبوونەوە سادانە بوونەتە تیپی شانۆیی و چەندین کەسایەتی دیارو بەرچاوی ئەو دەمە هاتوونەتە ریزی ئەو تیپانە چەندین تیپی تایبەت و پسپۆر لە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، لە چەشنی تیپی منداڵان و لاوان و قوتابییان و جوتیاران و کرێکاران و چەندین توێژی دیکە هەبوونە، کە هەر یەکەو بزاڤی تایبەتی خۆیان هەبووە لە گۆڕەپانی شانۆییدا، رەنگە ئەو تیپانە بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی پەروەردە نەکرابن و ئەوانیش کە کاری شانۆییان تێدا کردووە، زۆرینەیان کەسانی میللی بوونە، کەم لەوان دەرچووی کەناڵێکی شانۆیی و خاوەن ئەزموون و بڕوانامە بوونە، بەڵام چونکە بەپێی سەردەمی خۆیان و هەلومەرجی شانۆیی ئەوکاتە کارییان کردووە، لەلایەن خەڵکییەوە قەبوڵ کراون و هان دراون، لە هەمانکاتیشدا بۆشاییەکی بەرفرەوانییان لە گۆڕەپانی شانۆیی ئەو دەمە پڕ کردۆتەوە، ژمارەی تیپەکانیش لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دیکە جیاوازیان هەبووە، بەهەمان شێوەش لەڕووی چالاکییەوە، بەڵام شانۆ تەنها لە گۆشەی شارەکاندا جێگیر نەبوو، بەڵکو شارو شارۆچکەکانیش بزاڤی شانۆیی خۆیان هەبووە، هەر بۆ نموونە رواندزو کۆیە، دوو سەرچاوەی بەتین بوونە بۆ کاری شانۆیی و پێگەیاندنی شانۆکار لە تیپە ئەهلییەکانی خۆیاندا.

هەتا شانۆی نیشتمانی پەیدا نەبووە، زۆرینەی شانۆکارانی ئێمە پشتییان بە تیپە ئەهلییەکان دەبەست، کە هەمیشە کاری پڕ لە داهێنان و گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی و هونەری ئامانجی بنەڕەتی بووە بۆ کاری شانۆیی، چونکە شانۆش لە پاڵ فاکتەرەکانی دیکەی هوشیاریی نەتەوەیی فاکتەرێکی دیکەی وروژاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، هەر ئەوەشە وایکردووە کە ئەو پردە پتەوەی بەیەکگەیشتن لە نێوان شانۆو خەڵکدا دروست بێت، چونکە بینە زۆر لە خۆزگە تینووەکانی خۆی لەسەر تەختەی شانۆ دەبینی و شانۆی وەک مەنفەزێک بۆ دەربڕینی ئازارە دەروونییەکانی خۆی دەبینی.

دوای تێکشاندنی کۆت و پێوەندەکانی ئازادی و دامرکاننەوەی زۆر لە کەفوکوڵە سیاسییەکان، پەیامی سیاسی شانۆی کوردی لەو قەدەی جارانی نەما، شانۆ بەگوێرەی هەندێک نەبوو بە هاوتای هەندێ زەرورەتی پەیوەست بە سەردەم و ژیانی رۆژانە، بۆیە تیپە شانۆییەکان لەو قۆناغەی قەیرانی شانۆیی دووچاری تەفروتونا بوون و لەناوچوون هاتن، زۆربەی بارەگای ئەو تیپانە وەک کۆنە ئاشێکییان لێهات.. کە تەنها یادگارییەکانیان تێدا بمێنێتەوە، ئێستاش لە کوردستاندا هەندێ تیپی شانۆیی هەن، رەنگە هەندێکییان هەر ناو بن و چەند کەسێک لە پەنای ئەو تیپانەدا قاوڵتییەکیان بەرکەوێت، بەڵام تا ئێستا بوون و نەبوونییان وەک یەک وابووە، بەگوێرەی تیپە شانۆییە فەرمییەکانیش، بەو دەردە چوون کە ئێستا شانۆی کوردی بە دەستییەوە دەناڵێنی و بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نەبووە کە شانۆ لەو میحنەتانەی ئەمڕۆی رزگار بکات، ئەگەر بشیانەوێت تەکان بەو هەلومەرجە شەختەبەندەی ئەمڕۆی شانۆ بدەن ئەوە گرنگە ئەگەر ئەو خاڵە سەرەکییانە لەبەرچاوە بگرن:

١. شانۆکارانی ئەو تیپانە دەبێ لە قاوغی قەرمانبەرایەتی بێنە دەر کە سەردانییان بۆ ئەو تیپانە تەنها بۆ ئەنجام گەیاندنی دەوامی فەرمی بێت.

٢. هێنانی راهێنەری پسپۆرو خاوەن ئەزموون بۆ ئەو تیپانەو خۆ رزگارکردن لە نەزۆکی شانۆیی کە ساڵانێکە بە دەستییەوە دەناڵێنێ.

٣. پشتبەستن بە لاوەکان بۆ گۆڕینی ئەو خوێنە مەییوەی شانۆ.

٤. سازدانی فیستیڤاڵی شانۆیی بەشێوەیەکی وەرزی و دروستکردنی رکابەری داهێنان لە نێوان تیپە شانۆییەکانی کوردستان.

٥. گۆڕینەوەی نمایشی شانۆیی و گواستنەوەی بەرهەمە شانۆییەکان لە شارەکانی کوردستاندا لەپێناو بەردەوامبوونی بزاڤی شانۆیی.



حەیدەر عەبدولڕەحمان

# هونەرمەند عەبدولخالق موختار کۆچێکی ناوەخت



کامەران حاجی ئەلیاس

کاتێ لە ساڵی ١٩٨٩ بە مەبەستی خوێندن چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری بەغدا لە بەشی شانۆ سەرەتا لەبەرئەوەی زمانی عەرەبیم بەباشی نەدەزانی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام کاتێ لەگەڵ مامۆستایان و قوتابییانی بەشی شانۆ تێکەڵ بووم لە بەرئەوەی لە ناویاندا تەنها من کورد بووم خوا هەڵناگرێ مامەڵەی زۆر باشیان لەگەڵ دەکردم زۆریش ڕەچاوی زمانەکەیان دەکردم. ئەوەی مەبەستمە لێرەدا مامۆستایەکی بەڕێزمە بەناوی (عەبدولخالق موختار) وانەی دەنگ و دەمودووی پێدەگوتین مامۆستایەکی لێهاتوو و زیرەک و بە توانا و خاوەن بەهرەیەکی زۆر بوو من زۆرم سوود لەو بەڕێزە وەرگرت بە رادەیەک کاتێ گەڕامەوە هەولێر وانەکانی دەنگ و دەمو دووی ئەوم کردە میتۆدەیەک لە قۆناغەکانی یەکەم، دووەم، سێیەمی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر.

ڕۆژێکیان بەیەکەوە دانیشتین چەندین قسەمان لەسەر شانۆ دەکرد کاتێ باس هاتە سەر ئەوەی کە من گوتم: من خەڵکی ڕواندزم مامۆستا عەبدولخالق موختار گوتی: دەزانی من لە شەڕی عێراق- ئێران لە ساڵی ١٩٨٧ لە حاجی ئۆمەران بریندار بووم، چەند شەوێک لە نەخۆشخانەی قەزای سدیق (سۆران) بووم هەرچەندە زۆر حەزی نەدەکرد ئەو شوێنەی کە لە جەستەی بریندار بووە ئاماژە پێبکات بۆیە منیش زۆریم لێنەکرد، بەڵام دوایی زانیم کە پەنجەکانی قاچی لای راستی نەماوە، ئەم مامۆستایە زۆر بەچاکی باسی لە شانۆو شانۆکارانی کوردستان دەکرد، عەبدولخالق موختار یەکێک بوو لە ئەستێرەکانی نواندن لە عێراق بەڵکو ئەو تاکە هونەرمەندە بوو کە لە داهێنان بەردەوامی هەبووە چ لە بواری شانۆ یان لەکاری درامی تەلەڤزیۆنی، لەکارکردن نموونەیی بوو چ وەکو مامۆستاو قوتابی یان وەکو ئەکتەرو دەرهێنان، لە هەموو کارەکانی زۆر بە وردی بیری لە کارەکتەرەکانی دەکردەوە.

هونەرمەند عەبدولخالق موختار لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا لە دایکبووە، بڕوانامەی بە کەلۆریۆسی لە هونەری شانۆ لە بەشی نواندن و دەرهێنان لە ساڵی ١٩٨٢ لە ئەکادیمای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگرتووە، لە هەمان ئەکادیمیاش لە ساڵی ١٩٨٩ ماجستێر وەردەگرێت، ئەندامی تیپی شانۆی نەتەوایەتی بووە، یەکێک بووە لە دەستەی دامەزراندنی تیپی ئیبراهیم جەلال، لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠١ مامۆستا بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ سەرۆکی بەشی نواندن بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، راوێژکار بووە لە تەلەڤزیۆنی بەغدادیە.

لە ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی داهێنانی لە فیستیڤاڵی قاهیرەی حەوتەمی رادیۆو تەلەڤزیۆن وەرگرتووە کە بچووکترین ئەکتەر بووە لەناو ئەکتەرانی عەرەبی وەکو کەمال شەناوی و ئەحمەد زەکی و میرڤت ئەمین.. خەڵاتی باشترین ئەکتەر بۆ ساڵی ١٩٧٧ بەهۆی بینینی رۆڵی شاعیری گەورە حوسێن مەردان لە شانۆگەریی خەمسە ئەسوات، خەڵاتی داهێنانی بۆ ساڵانی ١٩٧٧، ٢٠٠١، ٢٠٠٢ وەرگرتووە ناوی هەندێ لە کارەکانی : (النجمە، خمسە اصوات، الزیب، الپاشا، الجراح، مناوی الپشا، الحب کان السبب، حکاکە) ئەم هونەرمەندە لە تەمەنی ٤٨ ساڵی لەبەرەبەیانی ٢٠٠٩/٢/٩ بە نەخۆشی لە سوریا کۆچی دوایی کرد، لەسەر داخوازی و وەسیەتی خۆی لە رێوڕەسمێکی شایستە بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و جەماوەرێکی زۆر لە بەغدا بە خاک سپێردرا. سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەندی مەزن عەبدولخالق موختار بێت.

## ڕەمەزان حوسێن:

# هەر لە منداڵییەوە عاشقی دەنگی حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ بوومە



**هونەرمەندی شاری هەولێر ڕەمەزان حوسێن هونەرمەندێکی دێرینی ئەم شارەیەو ماوەیەکی زۆرە خزمەتی هونەری کوردی دەکات، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم هونەرمەندە بە خوێنەران ئاشنا بکەین.**

**دیمانە: عەدنان عەبدوڵا گەردی**

*** ئەگەر سەرەتا بە کورتی خۆت بە خوێنەران ئاشنا بکەیت؟**

- من ناوم ڕەمەزان حوسێن ڕەمەزانە لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٧)م لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر، لەساڵی (١٩٧٧) بۆ یەکەم جار دەستم بەکاری هونەری کردو سەرەتا بە کۆرس بەشداریم لە گۆرانیگوتن کرد.

*** چ هونەرمەندێک کاری تێکردویت و وایلێکردیت کە هونەرت خۆش بوێت؟**

- من هەر لە منداڵییەوە خولیاو عاشقی هونەربووم، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە عاشقی دەنگی هونەرمەندان حەسەن زیرەک و ماملێ بووم، دەنگە بەسۆزەکەی ئەوان وایان کرد کەمن زیاتر خولیای هونەری گۆرانیگوتن بم).

*** کەی وەکو گۆرانیبێژ دەستت بەکاری گۆرانیگوتن کرد؟**

-لە ساڵی (١٩٨٢) بووم بە ئەندامی تیپی مۆسیقای (کاروان) وەکو گۆرانیبێژ، هەروەها لە ساڵی (١٩٩٠) بووم بە ئەندامی مۆسیقای هەولێر، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٠) لە کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد مەڵبەندی گشتی هەولێر بووم بە ئەندام.

*** تاکو ئێستا چەند گۆرانیت تۆمارکردووە؟**

لەساڵی (١٩٨٤) دوو گۆرانیم بە ناوی (بێقەرار ماوم، بەهاری ئایندە) بۆبەشی کوردی تەلەڤزیۆنی کەرکووک تۆمارکرد، لەساڵی (١٩٩٢) دوو گۆرانیی دیکەم بەناوی (دێوانەم) و (دەردی دووری) بۆ کەناڵی (کوردستان) تۆمارکردووە، هەروەها لەساڵی (١٩٩٩) سێ سروودم لە شەقڵاوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر بۆ (هەڵەبجەو بالیسان و شێخ وەسان) تۆمارکردووە لە ساڵانی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) دوو گۆرانیم بەناوەکانی (هەولێر) و (وڵاتی من) تۆمارکرد. هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٧) لە یادی شاری قەڵاومنارە گۆرانیی (هەولێر شاری کوردانە)م تۆمارکرد.

*** ئەدی دواکاری هونەریت چییە؟**

- دواکاری هونەریم سی دی یەکی گۆرانییە کە ئێستا لە جێبەجێکردندایە، ئەم سیدییە لە ٨ تراکی گۆرانی پێکهاتووە و ٦ گۆرانی لە ئاواز و هۆنراوەی خۆمن و ٢ گۆرانی فۆلکلۆرییە، بە پشتیوانی خوا لە ئایندەیەکی نزیکدا بڵاودەبێتەوە.

# نۆتەكرنا سترانەكا ئەیازی بەلی شێلیكرنا پەیڤێن وی



ئەیوب رەشید نسری
com.nisry@yahoo__ayub

پێدڤی یە ئەم هەمی بەرهەمی هونەرمەندێن نەمر مینا بیبیكا چاڤی خۆ ب پارێزین، ب تایبەتی ئەوێن بوینە قوتابخانە بو سترانا كوردی و هەر وەسا شیاین بنگەهەكی مكم بو سترانا كوردی یا سەردەم دانن و ژبلی لایی هونەری شیاینە خزمەتا كێشا سیاسی یا گەلی مەژی بكەن، ب دەنگی خۆ بەرەڤانی ژ ناسناما گەلی مە كریە، ئێک ژ وان هونەرمەند و سترانبێژی جوانەمەرگ (ئەیاز زاخۆیی) یە یی كو دگەل سترانبێژێن هەڤچاخێن خۆ شیای قوتابخانەكا مەزن دانیت.

راستە سترانێن وان ماینە نەمر و دی هەر مینن، بەلی نۆتەكرنا وان یا موزیكی دی پتر ب شێوەكی زانستی هێنە پاراستن، لەوما كارەک پیرۆز و هەژییە كو هونەرمەندێن مۆزیک ژەن خو پێڤە ب وەستینن، ئەڤ كاری وان جهی دەست خوشی و شانازیا مەیە، بەلی پێدڤی یە ب هشیاری رەفتاری دگەل سترانان بكەین چۆنكو ملكی هەمی خەلكی یە و هەر خەلەتیەک تێدا یان گهورینەک دی لەنگیەكی ئێختە هەمیی ژبەركو گوهێن مە هەمیا ئاشنایەتی دگەل ڤان پەیڤ و ئاوازان هەیە، ئەم ب سەناهی هەست ب خەلەتیی دكەین.

ل هژمارا (٤٨٦) یا گوڤارا (هەرێمی كوردستان) و ل بەرپەری (٧٩) گۆشا (دەق و نۆتە) سترانا (نەورۆز) یا ئەیاز زاخویی هاتیە نۆتەكرن ژلایی (بەلێن عەبدولهادی) و ئامادەكرنا (حەمە سەعید ئیبراهیم)، بەلی مخابن وەكی چەند سترانێن دی یێن دەڤەرا بەهدینان پەیڤێن وی تێک شێلاینە، هندەک رستا مروڤ نزانیت بەحسی چ دكەت و رامان یا بەروڤاژی یە، ب كورتی (١٦) شازدە خەلەتی تێدانە كو ل هندەک جهان رستە هەمی تێكشێلایە و مرۆڤ نزانیت بەحسی چ دكەت، لەوما مە ب فەر دیت دەقی دروست وەكی هونەرمەند دبێژیت و دەقی دگوڤارا هەرێمی كوردستان دا هاتی بنڤێسین و بلا خوێندەڤان هەڤبەركرنی بكەت و بزانیت چەند هاتیە شێلان

**دەقی (هەرێمی كوردستان) :**

**نەورۆز**

نەورۆز هاتوو ب گول و ریحان
جەژنا مەیە ل بیست و یەكی
ئەو نەورۆزا بیكا جوان
ئاگری هەلكن سەری رێكی
یادگارا ژ باوو باپیرا
وا شكاندی قەیدا زنجیرا
دەركرن رۆژهەلاتا مە
دە رابن هلكن خەتیرا
× × ×
نەورۆز هاتوو رۆژا نییە
رەنگی گولا خەملاندییە
هەمی وارا دیلان رابن
جەژن و ئاهنگ و گەلییە
ڤان جەلالا ئەسلی بۆشە
سەیران ل ڤان  ملا خۆشە
كارو رەوشتی مللەتی
جەژنا نەورۆز من دەهۆشە
×××
نەورۆز هاتی رۆژا مێرا
مللەت خوری وەكی شێرا
رووخاند دووشكێنی نەیار
مللەت بی ئالا دلێرا
نەورۆزی هەی ل لی نەورۆز
تە رۆژا مێرت خوە دان سۆز
دەمینی بەشكوژەكی گەش
بو مە كوردا جەژنەک پیرۆز

**دەقی سترانبێژ دبێژیت :**

**نەورۆز**

نەورۆز هاتوو ب گول و ریحان
جەژنا مەیە ل بیست و ئێكی
ئەو نەورۆزا بویكا جوان
ئاگری هەلكن سەری رێكی
یادگارە ژ باب و باپیرا
وا شكاندی قەیدا زنجیرا
دەركرن رۆژهەلاتا مە
دی رابن هلكەن خەتیرا
× × ×
نەورۆز هاتوو رۆژا نییە
رەنگی گولا خەملاندییە
هەمی وارا دیلان رابی
جەژن و ئاهنگ و كەنییە
ڤان جەلالا ئاڤ لی بۆشە
سەیران ل ڤان  ملا خۆشە
كارو رەوشتی مللەتی
جەژنا نەورۆز مەندەهۆشە
×××
نەورۆز هاتوو رۆژا مێرا
مللەت خورِی وەكی شێرا
رووخاندن دوشكی نەیارا
بلند بی ئالا دلێرا
نەورۆزی هەی لی لی نەورۆز
تو رۆژا مێرت خودان سۆز
دی مینی بشكوژەكی گەش
بو مە كوردا جەژنەک پیرۆز